نمونەی هاوەڵی قورئان وەکو نمونەی خاوەنی وشتری بەستراو وایە، ئەگەر بە چاکی بیبەستێتەوە؛ دەمێنێتەوە (دەیگرێتەوە)، وئەگەر بەریبدات ئەوا دەڕوات

لە ئیبن عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «نمونەی هاوەڵی قورئان وەکو نمونەی خاوەنی وشتری بەستراو وایە، ئەگەر بە چاکی بیبەستێتەوە؛ دەمێنێتەوە (دەیگرێتەوە)، وئەگەر بەریبدات ئەوا دەڕوات».
[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

ئەو کەسەی قورئان دەخوێنێتەوە ولەسەری ڕاهاتووە -ئینجا ئەگەر ڕاستەوخۆ لە قورئانەکەوە بێت یان بە لەبەرکردن-؛ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- چواندی بە خاوەنی ئەو وشترەی کە بە تونديی پەتی بەستووە بە قاچی وشترەکەوە، ئەگەر بە قایمی بیگرێت ئەوا بەردەوام دەبێت لەسەر گرتنی، بەڵام ئەگەر ئەڵقەکەی بەربدات دەڕوات وڕا دەکات، بۆیە ئەگەر هاوەڵی قورئان بەردەوام بیخوێنێتەوە وپێداچوونەوەی بۆ بکات؛ ئەوەی لەبەری کردووە لە بیری دەمێنێتەوە، بەڵام ئەگەر وا نەکات؛ لە بیری دەچێت، ئەگەر بەردەوام بێت لەسەر پێداچوونەوەی قورئان؛ ئەوا لەبەرکردنیش هەر دەمێنێتەوە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5658